www.kurdistannet.org
29-9-2006 19:43 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## چەند سەرنجێک بۆ کاک سامی و نەوای بێ لایەن لە ڕوکەشدا!! ... ئەندازیار: ئاسا

سلاو لە ئێوەی بەرێز...

دیارە رادیۆی نەوا یەکێکە لەو رادیۆ ناسراوانەی کوردستان و کە لە پەخشێکی ئۆنلاین و ناوخۆی خەڵك دەتوانن گوێ بیستی ببن. لە هەموو سەردەمێك و لە هەموو کارێك و لە هەموو ئاراستەیەك مرۆڤ توشی کاری باش و کاری خراپ دێت بەڵام ئایا هەموو کارەکان خراپ دەبن؟ ئایا هەموو کارەکان باش دەبن؟ لێرە دا زۆر لەو کەسانەی کە دەیانەوێت بە زمانێکی شرین و هەنگوینی قسەی چەور بۆ خەڵك بکەن دەکەونە بەر چاوی بینەران بەڵام ئەم سەردەمە ڕۆیشت کە بەم شتانە خەڵك داڵدە بدرێت و لە سەردەمی ووشیاری کەرد لەم جۆرە پەرێزانە هەڵنا گیرێت! هەمووومان گەواهی ئەوەین کە هەندێك کەس لە ڕێگەی بابەت و ڕەخنەکانیان دەیانەوێت کە خوێنەر لە خۆیان کۆبکەنەوە و سەرنجی خەڵك بۆ خۆیان ڕابکێشن بە ڕەخنەی تێکدەرو بێ مانا بەڵام ئەمەش بزانن کە لاپەڕەیەکی تری بەربەرکانێ و دوبەرەکی خۆی هەڵدەداتەوە لە ڕاگەیاندنی گەلەکەمان! وەك هەڵیش درایەوە!بە دەستی ئەو کورد فرۆش و ئەو خیانەتکارانەی کە بە ناوی شۆرش و فەراهەمکردنیی خواستە ئازادەکان خوێنی میللەت زەقنەبووت دەکەن! بەڵام لاپەرەی رابردوو لە زۆر لایەنی تر برینی لە جەستەی گەلەکەمان دروست کرد نەك هەر لە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری! شتێکی زۆر ئاسایە کە خەڵك بە پێی پێنوس و ئاستی ڕۆشنبیری خۆی شت بنوسێت بەڵام هەڵسەنگاندن و کەوتنە بەرچاوی بابەتەکانیان لە ئاستێکی حەق لە جێ و لە ئاستێکی روشنبیری گرنگە لە ماڵپەرەکان و گۆڤار و ڕۆژنامەکان گرنگە نەك هەر خۆپیشاندان و ڕیزکردنی چەند ڕستەیەك!

ئەگەر چاوێك بە ڕابردووی ئەم، ڕادیۆ، یە دا بخشێنین لە تەمەنێکی بچوك دا جەماوەرێکی باشی لە خۆی کۆکردۆتەوە، وە لە ڕێگای ئەم بابەتەم دەستخۆشی لە کارە جوانەکانیان دەکەم، وە ئەوەی بەلای منەوە گرنگە لەم، ڕادیۆ، یە ڕاستگۆی و پاڵپشتی جەماوەر و هونەرمەندانە لە ڕێگەی پەخشی ئۆنلاین و ناوخۆی خۆیەوە. وە ئەوەی کە من باوەڕم پێی نیە لایەنگیری کردنی حیزبەکانە لە نەوادا، چونکە ئاراستەی هیچ لایەنێکی پێوە دیار نیە لە ڕوکەشدا.

بەڵام کاک سامی عەزیز ئێوەش هێندە بە کاڵفام لە خەڵك تێ مەگەن، وە هەندێك ڕەخنەت ئاراستەی ئەو نوسەرانە کردوون کە شت لە سەر نەوا دەنوسن کە زۆر بە تێکدەرو نەزان وەسفیان دەکەی بەڵام ئەوەی کە لە جێی خۆیاندا نین ئەم جۆرە ڕەخنانەی تۆن نەك هی ئەوان! چونکە تۆ نەتوانی ڕێگە لە کەس بگرێت و کەس بە نەزان و نەفام وەسف بکەیت چونکە کەسێك کە بە ناوی خوازراو شتێك دەنوسێت ئەوە مافی تۆ نیە کە لە ناوی ئەو کەسە بپرسیت! لەم بۆچونەت بیری ئەوە دەکەم کە نەوا هێڵی ئەنتەرنێتیشی نەبێ!هەرنەبێ شارەزای بواری ڕاگەیاندن بین، لە بەر هەژاری و فەقیری خۆ چونکە وەك تۆ دەڵێیت دەبێت نەوا یەك کەس بەرێیەوە دەبات و ئێستاش هەر ئەو موچەی دابین دەکات!

لە لایەکی تر (کەسێك کە سیر نەخوات بۆنی لێ نایە) ئەوەی کە جەماوەر لە ئێوە کەم دەکاتەوە ئەوەی ئێوە خۆتان بۆ کەس ئاشکرا نەکردووە کە لایەنگیری کێن! (بەڵێ گوایە دەنگی سەربەخۆی گەلن) !! گوایە کە کوردستانەکەمان بوە بە لەندەن و پاریس لە سەر تاکس و زەریبەی میللەت نیوەی حکومەت بەرێوەبچێت؟؟؟ وە لە هیچ ڕاگەیاندنێك ئەوە پێشانی خەڵك نادەن کە کێ پاڵپشتی ڕادیوی نەوا دەکات و کێ موچەی مانگانەو کێ ئەو هەموو سەرفیاتی ئەو ڕادیویە بەرێوە دەبات ئەگەر لایەنێك بەرێیەوە نەبات؟ ئەوەی کە خەڵك گاڵتەی پێ دەکات ئەم جۆرە قسانەیە کە دەڵێی نازانم کێ بەرێوەبەری و کێ لە سەر سولفەی خۆی بە رێیەوە دەبات چونکە کاک سامی ڕادیۆ یەکی نێودەوڵەتی کارگەی مۆتە و

چلورە نیە کە لە سەر پارەی مانگانە خۆی بەرێوەبەرچێت!!!! وە ئەگەر خەڵك سەرنجی سەردێری هەندێك خاڵی لە بابەتەکەی تۆی دابێ بە رەنگی زۆر جوان و بەهاری ئاماژەت بە خاڵًەکان کردوون! یەکێك لە خاڵەکانی بابەتەکەت ڕەخنەی ئەوە دەگرێت کە حەق نیە ماڵپەرەکان جنێو بڵاو دەکەنەوە (یەکەم شت _ماڵپەرەکان ئاوێنەی خواست و ویستی هەموو کەسێکن دووەم شت_هەندێك شت بەلای تۆ جنێوە بەلام بەلای هەندێك خەڵك قسەی شرینە) . جا بۆیە کۆڵەگەی باسەکەم دەوەنێکی تر سەرنج و تێبینی تیایە بەڵام (قسە هەزارە دووانی بە کارە) . با ئەم جارە بەس بێ......

asa_kurdm@hotmail. com